# مەبەستی دەسەڵات کۆتوبەندکردن و سنوردارکرنێکی ترسناکی مافی خۆپیشاندانە وە ئەوەش لە کاتێکدا دێت کە پرۆسەی بەهێزبوونی میدیای ئازاد و ئۆپۆزیسیۆن و چاڵاکیە سیاسی و مەدەنیەکان رۆژ بە رۆژ بەرفراوانتر و بەهێزتر دەبن.

**23/01/2011**

---

**یاسای خۆپیشاندانەکان لە کوردستان لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا شەپۆلیکی فراوانی لە "ناڕەزایەتی" لە نێو جەماوەری کوردستاندا خولقاند و زۆر شارو شارۆچکەی کوردستان خۆپیشاندانی بێ مۆڵەتی لە دژی ئەم یاسایە بە خۆیەوە بینی، هەروەها لە دەرەوەی کوردستانیش دەنگی ناڕەزایەتی لە شەقامەکانی ژمارەیەك لە پایتەخت و شارەکانی ئەوروپا لە بەرامبەریدا بەرزبۆوە. خودی دەرکردنی یاساکە و نیازو مەرامەکانی پشت دەرکردنی و ئەو جووڵانەوەیە، کۆمەڵێك پرسیار دروست دەکەن، کە دەکرێت لە ڕوانگەی جیاوازەوە وەڵامی جۆراوجۆریان پێ بدرێتەوە. لە گفتوگۆی ئەم جارەی تەوەری ماڵپەڕی هاوپشتیدا نوسەر و لێکۆڵەری سیاسی بەڕیز د. بورهان یاسین وەڵامی پرسیارەکانی هاوپشتی دەداتەوە.**

**هاوپشتی:** لە زۆر سۆنگەوە ڕەخنە لە یاساکە گیراوە، بە بڕوای ئێوە سەرەکیترین کەم و کوڕی، یان لایەنە جێ ڕەخنەکانی ئەم یاسایە چین؟

**د. بورهان یاسین:** بە بۆچوونی خۆم ناکرێ ئەو کار و کاردانەوانەی کە لە مەسەلەی یاسای خۆپیشاندان کەوتوونەتەوە تەنها لە تێگەیشتنی دەقی خودی ئەو یاسایەوە خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، چ لە ڕووی وردەکاریە زمانیەوانیەکانی وەیا یاساییەکانی، بەڵکو باشتر وایە لە ڕێگەی بینین و خوێندنەوەی زۆر دیاردەی سەر پانتایی سیاسی کوردستان و گرێدانی ئەو مەسەلە یاساییە بەو دیاردانەوە تێگەیشتنێکی فراوانتری بۆ بکەین.

ئەو کەش و هەوا سیاسی و دەروونیەی کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان دەبینرێ و هەستی پێدەکرێ خەریکە بە توندی کۆمەڵگای کوردی لەو بەشەی کوردستان بکا بە دوو بەرەوە: بەرەی دەسەڵات و حیزبە حوکمڕانەکان (پارتی و یەکێتی) لە لایەك وە بەرەی ناڕازی وە ئەم دابەشبوونە بەرەو ڕووبەڕووبونەوەیەکی ڕاشکاوانەتر و توندتر بېات. ئەوەشی گرنگە ئەوەیە کە ئەم بەرە ناڕازیەش زۆر پێکهاتەی گرنگ لەخۆ دەگرێ: هەر لە ئۆپۆزیسیۆن و میدیای ئازاد و خەڵکی بێزار و بەشێك لە ڕەوشەنبیران و نووسەران و ئەو بەشەی کۆمەڵگای مەدەنی کە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات خۆی دەبینێتەوە. لێرەدا گرنگە ئەوە بڵێین کە ئەستەمە سنورێك دیار بکەین لە نێوان پێکهاتەکانی ئەو بەرەیە کاتێك دەنگی ناڕەزایی لە ڕێگەی جۆرەها کەمپین و چاڵاکیە جەماوەریەکان بە تایبەتی لە ڕێگەی خۆپیشاندانەوە و وەك ژمارەیەك دووگەی لەیەکتر دابڕاو بیانبینین. بە دیوێکی تردا دەتوانین بڵێین کە بوون و چاڵاکیەکانی ئەم بەرەیە هەر لە ناو هۆڵی پەرلەمان دەستپێدەکا بە لاپەڕەکانی هەندێك ڕۆژنامە و گۆڤار و پێگەی ئینتەرنێت و ئامرازەکانی تری میدیای بینرا و بیستراودا تێپەڕ دەبێ تا دەگاتە بزاڤی شەقام. بە مانایەکی تر، زۆر گرنگە کە ئەم هەموو جۆرە چاڵاکیانە بە لە یەکتر دابڕاوی نەبینین و نەخوێنینەوە. ئەم جۆرە بۆچوونە چەندە گرنگە لە هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنێکی زانستیانەی دیاردەکە، ئەوەندەش گرنگە لە ڕووی سیاسیەوە. دیارە ئاشکرایە کە دەسەڵات ئەم هەموو ڕەهەندانەی چاڵاکیەکانی ناڕەزایی بەیەکەوە گرێدەدات بە تایبەتی لە چوارچێوەی تیوری پیلانگێری (conspiracy theory)، کە ئەمەش دێواندنی تەواوی پانتایی ناڕازیبوونە بە هەموو پێکهاتەکانی ئەو پانتاییەوە. لە لایەکی ترەوە حەزیش بە پەرتەوازەیی و بەشبەشبوونی ئەو پانتاییە دەکات بگرە کاریشی بۆ دەکات. لە لایەکی ترەوە لە ڕووی سیاسی و ستراتیژیەوە گرنگە کە پێکهاتەکانی ناڕەزاییەتی خۆیان لە ناو یەك پانتایی ببیننەوە: هێز بەیەکتر بدەن وە هێزیش لەیەکتر وەرگرن؛ هیچ پێکهاتەیەکیان لە بەهای پێکهاتەی تر کەمنەکاتەوە؛ وە هیچ پێکهاتەیێکیشیان هەوڵی داگیرکرنی پێکهاتەی تر نەدات و... هتد .

له ڕۆشنایی ئەم بۆچوونە دەتوانین بڵێین پێكهاتەكانی بەرەی ناڕازی چەندە زۆرن وە ناتوانرێ یەكڕەنگ بكرێن، كاردانەوەكانی دەسەڵاتیش بەو پێیە تەنها یەك جۆر نیە بەڵكو چەند جۆرێكە: هەر لە تیرۆر و ترساندن و بە ناوی یاساوە بێدەنگكردن و تا دەكرێ سنووردارکردنی بواری چاڵاكی سیاسی و ئازادیەكان و وەك دوژمن خوێندنەوەی چاڵاكیەكانی ئۆپۆزیسیۆن (واتە بەدیواندنی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە) و نانبرین و تا دەشكرێ بەرجەستەكردنی مۆنۆپۆلكردنی دەسەڵاتی سیاسی و... هتد. ئەم هەموو جۆرە كاردانەوانە دەربڕی ترسێكی جددین و ئەو ترسەش شۆڕبۆتەوە ناو قوڵاییە دەروونیەكانی دەسەڵاتی سیاسیەوە وە ئەوەشە وامان لێ دەكات كە بڵێین ئەو ترسە دەربڕی ئەو ڕوانگەیەیە كە دەسەڵات هەموو بەشەكانی بەرەی ناڕازی بە یەكەوە گرێدەدات .

كەواتە گرنگە ئێمە لە ڕۆشنایی خوێندنەوەیەكی ئەوها لە مەسەلەی یاسای خۆپیشاندان نزیك ببینەوە، نەك بە دابڕاوی لە كار و هەنگاوەكانی دەسەڵات بە ئاراستەی تەسككردنەوەی پانتایی و پەراوێزی ئازادیەكان ئەو یاسایە ببینین و هەڵیسەنگێنین.

دیارە زەقترین بەشی ڕخنەلێگیراوی ئەو یاسایە ئەوەیە كە كۆتوبەند دەخاتە سەر ئازادی و دەرفەتەكانی خۆپیشاندان، بە ڕادەیەك كە ئەو ئازادیە ئیفلیج دەكا. هەڵبەتە رخنەكە، لە فراوانبوونیدا، ئەو یاسایە دەبەستێتەوە بە كۆمەڵێك "یاسا" و هەنگاوی تر، كە هەمووشیان دەخزێنە خزمەت تەسكردنەوەیەكی جددی ئازادیەكانی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان و ... هتد.

**هاوپشتی:** ئایا هەڵوێستی دروست كە بە بڕوای ئێوە پێویستە ڕەخنەگرانی ئەم یاسایە و جەماوەری ناڕازیی لەسەر كۆك و یەكگرتوو بن چییە؟ ئایا ئەم یاسایە هەموار بكرێتەوە، یان ڕەت بكرێتەوە بە یەكجاری وەلا بنرێت؟

**د. بورهان یاسین:** بە بڕوای خۆم ئەم هەڵوێستە دوو لایەنی گرنگی هەیە نەك هەر یەك: یەكەمیان لایەنی یاساییە كەواتە ئەو یاسایە ئەسلەن ببێ یان نا؛ دووەمیشیان سیاسیە، بەو مانایەی ئایا ئەو یاسایە بە دابڕاوی لە یا پێچەوانەكەی بە خود بە گرێدراوی بە هەندێك یاساو هەنگاوی تری دەسەڵات ببینرێ و كاری لەتەكدا بكرێ .

دیارە باشتر وایە ئەم یاسایە هەر هەمووی هەڵوەشێتەوەو دەسەڵات بێتە سەر ئەو باوەڕەی كە هیچ پێویستیەك بەو یاسایە ناكات. بەڵام دەشكرێ ئەو یاسایە هەمواربكرێتەوە، بە مەرجێك ئەو یاسا هەمواكراوەیە تەنها و تەنها ئەركی ئاگاداركردنەوە (واتە ئاگاداركردنەوەی دەسەڵات لە لایەن ڕێكخەرانی خۆپیشاندان (دیاریبكات بەبێ هیچ جۆرە مەرج و كۆت و بەندێكی سەپێنراو. لە ڕاستیدا لە وڵاتانی بە سیستەم دیموكراتیش مەسەلەی ئاگاداركردنەوەی پۆلیس لە خۆپیشاندان هەیە، بەبێ ئەوەی بە زەرورەت ئەو خۆپیشاندانانەی كە بەبێ ئاگاداركردنەوە ئەنجامدەدرێن خرابێتنە قاڵبی جەریمەوە... لە لایەكی ترەوە لە ڕووی سیاسیەوە، گرنگە لایەنە ناڕازی و ڕخنەگرەكان لە دەسەڵات ئەم یاسایە لە هەنگاو و كاردانەوە و یاسا زۆرەملێكانی تری دەسەڵات جیا نەكەوە. چونكە، هەر نەبێ، یەكێك لە باشیەكانی ئەو بەیەكەوە بەستنە ئەوەیە كە دەرفەت نادات بە دەسەڵات پێكهاتەكانی بەرەی ناڕازی لەیەكتر جیاكاتەوە .

**هاوپشتی:** مەرامی دەسەڵاتدارانی كوردستان لە دەركردنی یاسای خۆپیشاندان چییە؟

**د. بورهان یاسین:** دیارە بە شێوەیەكی گشتی، هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، مەبەستی دەسەڵات كۆتوبەندكردن و سنورداركرنێكی ترسناكی مافی خۆپیشاندانە. وە ئەوەش لە كاتێكدا دێت كە پرۆسەی بەهێزبوونی میدیای ئازاد و ئۆپۆزیسیۆن و چاڵاكیە سیاسی و مەدەنیەكان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرفراوانتر و بەهێزتر دەبن .وا دەزانم دوای ڕووداوەكانی تونس و وڵاتانی تر ترسی دەسەڵاتی كوردی دەها زێدەتر دەبێ لەبەر ئەوەش دەرفەتی هەمواركردنەوەی ئەو یاسایە لەمڕۆدا كەمبۆتەوە.

**هاوپشتی :**هەندێك ناوەندی دەسەڵاتدارانی كوردستان دەڵێن كە سەرەڕای كەم و كوڕیەكان ئەم یاسایە پێشكەوتوو ترین یاسایە لە ناوچەكە، ڕای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟

**د. بورهان یاسین:** لە ڕاستیدا سەر و بەری ئەو بەراوردە دروست نیە و دواجار كەس ناتوانی هەتتا لە حاڵەتی بەراوردیشدا ئەوە نەبینێ كە لە بوارەكانی فەزای ئازادی و ڕۆڵی پەرلەمان و بواری چاودێریكردنی كارەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن و زۆر بواری تر عیراقی عەرەبی باشووری كوردستانی جێهێشووە. ئەم بەراوردەش دەبێ هەموو شانازیەكان لە دەسەڵاتی كوردی بسەنێتەوە. جگە لەمەش، لە هەر كۆمەڵگایەكی مرۆڤایەتیدا، گەر نوخبە و دەسەڵاتداران خۆیان بە باشتر و پێشكەوتوتر بەراورد نەكەن ئەوا بواری گەشەكردن و پێشكەوتنیان زۆر كەم دەبێتەوە، ئەوە ئەگەر ئەسلەن بشبێ. بە دیوەكەی تریشدا، خۆبەراوردكردن بە ڕژێمە دكتاتۆری و نیمچە دیكتاتۆریەكانی ناوچە (كە دەسەڵاتی كوردی بەردەوام دەیكا)، دەسەڵاتی كوردی لەو ڕژێمە دیكتاتۆری و نیمچە دكتاتۆریانە نزیكتر دەكاتەوە تا دورخستنەوەی.

**هاوپشتی:** جووڵانەوەی ڕەتكردنەوەی ئەم یاسایە هێشتا بەردەوامەو لەگەڵێك جێگا جەماوەر نایان بەم یاسایە گوت، ئەم جووڵانەوەیە چۆن هەڵدەسەنگێننو ئاسۆی سەركەوتنی چۆن دەبینن؟

**د. بورهان یاسین:** بە باوەڕی خۆم ئەم جولانەوەیە تەنها لە بوارێكدا سنوردار نابێ: ڕاستە بە گشتی بزاڤەكە بۆ ڕەدكرنەوەی ئەو یاسایەیە، بەڵام لە ماهیەتیدا زۆر ڕەهەندی گرنگی تر لەخۆ دەگرێ. بە هەر حاڵ دەكرێ گرنگی ئەم بزاڤە لە چەند خاڵێكدا كۆ بكەینەوە، كەچی دەكرێ هەر كەس و لایەنێكیش گرنگیەكان بە شێوەیەكی جیا ببینێ، یا هەر نەبێ لە گرنگیاندا بە ڕیزبەندیەكی جیا ڕێكبخرێن: 1) ئەم بزاڤە بۆ یەكەم جار مانایەكی جددی دەبەخشێتە شەقام و كاریگەریەكانی لەسەر سیاسەت؛ 2) خەڵك ڕادەهێنێ لە مومارەسەكردنی مافێكی خۆی كە ئەویش دواجار تاك و پێكهاتەكان بە شێوازێكی تازە دەخاتە سەر نەخشەی سیاسی كۆمەڵگای كوردەواری؛ 3) شێوازی خەباتی مەدەنی بەهێز و پڕ مانا دەكات؛ وە چەند ئەو شێوە خەباتە مەدەنیەش گەشە بكاو پێشكەوێ و هەندێ ئامانجی كۆنكرێتی لێ دەستبكەوێ ئەوەندەش خەڵك لە گرنگی بەكارهێنانی چەك و زەبروزەنگ، بۆ یەكلاییكردنەوەی ململانێكان، دوور دەكەوێتەوە؛ 4) بەرجەستەبوونی ئیرادەی خەڵك؛ 5) لە ڕێگای بزاڤی شەقامەوە هەر یەك لە ئۆپۆزیسیۆن و میدیای ئازاد پشتگیریەك بەدەست دەهێنن كە بۆ بەردەوامی و تواناكانی بەرەوڕووبوونەوە و گەشەكردنیان زۆر گرنگە.

لەوانەیە ئاسان نەبێ شتێكی كۆنكرێت دەربارەی ئاسۆكانی ئەو بزاڤە بڵێین، بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵێین ئاسۆی سەركەوتنی ئەو بزاڤە لە دوو ئاستەوە دەتوانرێ ببینرێ: 1) ئامانجە كورتخایەنەكان؛ 2) ئامانجە درێژخایەن و "نەبینراوەكان". لە بارەی ئامانجە كورتخایەنەكانەوە دەتوانین بڵێین كە هەر چەندە تا ئێستا دەسەڵات بڕیاری هەڵوەشانەوە یا هەمواركردنی یاسای خۆپیشاندانی نەداوە بەڵام كۆمەڵێك هێمای جددی هەن كە لە ئاكامی ئەو خۆپیشانانەدا دەسەڵات بە ڕوونی كەوتوتە ژێر كاریگەری خۆپیشاندانەكان و بگرە پەشۆكاویشی پێوەدیارە. خوێندنەوەی خۆم بۆ قسەی (یا ڕاستتر بڵێین بەهانەی) سەرۆكی هەرێم كە دەڵێ من ئیمزام كرد چونكە زۆرینەی پەرلەمان ئیمزای كردبوو هێمای بوونی ئەو كاریگەریەی خۆپیشاندانەكان و نیشانەی پەشۆكاوی دەسەڵاتە. لەم بەهانە پەشۆكاوئامێزەدا سەرۆكی هەرێم كۆمەڵێك هەڵەی جددی كرد: 1) ئەو ژمارەیەی كە ئیمزای كردوە زۆرینەیە لە 75 ئەندام نەك زۆرینە لە تەواوی ئەندامانی پەرلەمان؛ 2) دەبێ ڕاوێژكارە نزیكەكانی سەرۆكی هەرێم هەتتا بگرە كەمترین شارەزایی لە سیستەمە سیاسیەكان، بە تایبەت سیستەمی دیمۆكراسی، هەبێ ئەوەیان فێری سەرۆكی هەرێم كردبێ كە لە سیستەمی دیمۆكراسیدا شتێك هەیە پێی دەوترێت "دكتاتۆریەتی زۆرینە". لە ڕاستیدا هەر زوو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ئەلێكسیس دی توكێڤیللی (كە یەكێكە لەو بیرمەندانەی بەشداری هەرە گرنگی كردوە لە باسوخواس دەربارەی سیستەمی دیمۆكراسی) بە گرنگیەوە باس لە مەترسی دیكتاتۆریەتی زۆرینە دەكا لە سیستەمی دیمۆكراسیدا و هەموانیش لە ئاراستەیەكی ئەوها ئاگادار دەكاتەوە؛ 3) سەرۆكی هەرێم بە جەختكردنەوەیەكی زۆرەوە پێداگری لە پرەنسیپی تەوافوق دەكاتەوە و تا دەشكرێ كاری بۆ دەكات كاتێك كە باس دێتە سەر دروستكردنەوەی دەوڵەت و سیاسەتكردن لەگەڵ نەتەوەی سەردەست، بەڵام لەكاركردن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن لە كوردستان لە بەغدا ناخوازێ وشەی تەوافوق ببیستێ، چ جای ئەوەی كاری پێ بكات!؛ 4) ئیمزاكردنی زۆرینە بەهانەیەكی هەڵەیە بۆ بەرگری كردن لە هەنگاوێكی هەڵە: باشە گەر سەرۆكی هەرێم مافی ئەوەی نەبێ پرۆژەیاسایەك بگەڕێنێتەوە پەرلەمان (كە لە ڕاستیدا ئەو مافەی هەیە و كردوشیەتی)، ئەی كەواتە یاساكان بۆ دەنێردرێن بۆ لای

ئەو؛ 5) زۆر گرنگە سەرۆکی هەرێم ئەو راستیە بە جختکردنەوە لەبەرچاوبگرێ کە ئەو سەرۆکی هەموو هەرێمی کوردستانە نەك تەنها سەرۆکی زۆرینەیەك یا پێکهاتەیەکی سیاسی تایبەتی. بەڵام جێگای ئاماژە و بگرە نیگەرانیشە کە سەرۆکی هەرێم زۆرجار لە قسەو باس و رەفتارەکانیدا چەند رۆڵێك تێکەڵاو بە یەکتر دەکا، حزب، خێڵ، بنەماڵە، سەرۆکایەتی هەرێم و... هتد؛ 6) ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە لە بوونی ئەزموونی حوکمڕانی خۆماڵی لە باشووری کوردستان، هێشتان پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم نەبووە بە دامەزرا و وە لە راستیشدا هیچ باڵەخانەیەکیش نیە بەو ناوە و بە ئەدرێسێکی دیارەوە، کە تایبەت بێت بە سەرۆکی (یا سەرۆکایەتی هەرێم). لە راستیدا کردنی سەرۆکایەتی هەرێم بە دامەزراوێکی مۆدێرن کە تیایدا کۆمەڵێك راوێژکاری بواری جیاجیا هاوکاری سەرۆکی هەرێم بن پێداویستیەکی بەردەوام بووە، بەڵام نەکراوە .من باوەڕم وایە ئەگەر چەند راوێژکاری زمانزان و شارەزا بە بواری کۆمەڵناسی و بواری تر بۆ سەرۆکی هەرێمیان روونبکردایەتەوە کە هیچ وشەیەك جێگرەوەی جیندەر نیە چونکە تەنها ئەم وشەیە دەتوانێ بە کار بێ لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و دەقە سیاسی و یاساییەکاندا، زۆر بە تایبەتی لە بواری لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکاندا کاتێك کە باس دێتە پەیوەستەگی "رەگەزی" نێرینە و مێینە (تۆ بڵێ – پیا و ئافرەت). لە راستیدا ئەم وشەیە هەتتا لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانیشدا تەمەنی بەکاربردنی زۆر درێژ نیە، بەڵام داهێنانێکی گرنگە. لە راستیدا گەڕاندنەوەی ئەو یاسایەی کە ئۆپۆزیسیۆنیش پشتگیری کردوە وە تیایدا وشەی جیندەر بەکار هاتووە و سەرۆکی هەرێم گەڕاندویەتیەوە پەرلەمان ئاستی نائاگایی سەرۆکی هەرێم لە مەسەلەیەکی گرنگ دەردەخا. بە مانایەکی تر ئەم گەڕاندنەوەیە لە خەمخۆری ئەو بۆ توێژێکی کەمینە نیە کە لەگەڵ بەکاربردنی ئەو چمکە نین. دووریش نیە ئەم هەنگاوە تەکتیکیش بێت بۆ نزیککردنەوەی توێژێکی گرنگی کۆمەڵگای کوردەواری بە مەبەستێکی سیاسی تەسك، وەك ئەوەی پەرتەوازەکردنی بەرەی ناڕازی و لاوازکردنی. بە ئەگەری زۆر ئەگەر بهاتایە سەرۆکایەتی هەرێم دامەزراو بوایەو لەوێدا چەند شارەزایەك وشەی جێندەریان بۆ سەرۆکی هەرێم روونبکردایەتەوە ئەو کاتە پێویست نەبوو بۆ هەمان روونکردنەوە یاساکە بنێردرێتەوە پەرلەمان. بە داخەوە لە وڵاتی ئێمە هێشتان دامەزراو پڵینگی سەر کاغەزە و راوێژکاریش ئەرکی جوانکردنی دەسەڵاتێك دەبینێ کە بۆ بە دەمەزراوکردنی خۆی بەرەو پێشەوە رادەکات بۆ خۆدزینەوە لە مامەڵەکردنێکی عاقڵانە لەگەڵ واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی کۆمەڵگای کوردەواری.

لە لایەکی تریشەوە مرۆڤ دەتوانێ پەشۆکاوی دەسەڵات ببینێ هەتتا ئەگەری سەرکەوتنی ئەو نارەزاییەتانەش بخوێنێتەوە لە راگەیاندنەکەی نێچیرڤان بارزانیدا کە باس لە ئامادەیی "دەسەڵات" دەکات کە قسە لەسەر ئەو یاسایە بکات ئەگەر، وەك خۆی دەڵێ، "زۆرینە بەو یاسایە رازی نەبێت !"

جگە لەوە ئەوە زۆر گرنگە کە لایەنی ناڕازی بە تەسکبینی و نەفەس کورتیەوە لەگەڵ ئەو دیاردەی خۆ پیشاندانانەدا رەفتار نەکات بەڵکو گرنگیە درێژخایەنەکانی خۆپیشاندانەکان ببینێ و بیکا بە کولتوری خەباتی خۆی، هەر وەك لە وەڵامی پێشتر هەوڵمدا تیشك بخەمە سەر ئەو لایەنە گرنگە.